وێنەیەکی تەرجەمە کراوی دەقە عەرەبییەکەیە

**بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بە ناوی گەلەوە**

## ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق

**ژمارەی دەرهێنان: ٦**

**رۆژی دەرهێنان: ٢٠٠٢/٥/٧**

پشت بە حوکمەکانی برگە (١)ی ماددەی (٥٦) و ماددەی (٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)و، لەسەر داوای وەزیری دادو رەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیران وئەو یاساکارییەش کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە(١٣)ی رۆژی (٢٠٠٢/٥/٦)یدا ئەنجامی داوەو، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە برگە(٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە(١٠)ی ساڵی ١٩٩٧پێمانی داوە، بریاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

## یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٢

**ماددەی یەکەم:**

بڕی ئەو غەرامانەی کە دەقەکانیان لە یاسای سزاکانی ژمارە(١١١)ی هەموارکراوی ساڵی(١٩٦٩)دا هاتووە بەم شێوەیەی خوارەوە دەبن:

یەکەم: سەرپێچییەکان لە(٥٠)دینار کەمتر نابێ و لە(٣٠٠)دیناریش زیاتر نابێ.

دووەم: کەتن(الجنح)لە(٣٠١)دینار کەمتر نابێ و لە(١٥٠٠)دیناریش زیاتر نابێ.

سێیەم: جینایەت لە(١٥٠١)دینار کەمتر نابێ و لە(٥٠٠٠)دیناریش زیاتر نابێ.

**ماددەی دووەم:**

دادگا، لەهەر رۆژەی کە حوکمدراو لە تەوقیفدا بەسەری دەبات بیست دینار لە غەرامەکەی کەم دەکاتەوە.

**ماددەی سێیەم:**

ئەگەر جورمێک تەنها بە غەرامە حوکم درابێ و حوکمدراوەکە غەرامەکە نەدات، ئەوە، لەو بارەدا دادگا لەجیاتی هەر بیست دینارەو یەک رۆژ حوکمی حەپسی دەدات، بە مەرجێ ماوەی حەپسەکە، لە هەموو حاڵەتێکدا، لە دوو ساڵ نەترازێ.

**ماددەی چوارەم:**

حوکمـەکـانی برگـەی سـێیـەم لە بڕیاری ژمارە(١٠٤)ی ڕۆژی(١٩٨٨/١/٢٧)ی ئەنجـومەنی سـەرکردایەتی شۆڕش(مجلس قيادة الثورة) لە هەرێمی کـوردسـتـانی عێراقدا لەکار دەخرێ.

**ماددەی پێنجەم:**

هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت، ناخرێتە بەرکار.

**ماددەی شەشەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە بەرکار.

**ماددەی حەوتەم:**

حوکمەکانی ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە(وەقایعی کوردستان)دا، دەخرێتە بەرکار.

**د.ڕۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان ـ عێراق**